**وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

**ژمارە: ٣٦٤١ لە ٢٠١٨/١٠/٢٢**

**پاڵ پشت بە (ماددەی پێنجەم) لەیاسای وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردنی کوردستان عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٦) ئەم پەیڕەوەی خوارەوەمان دەرکرد:-**

## پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨
## پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن

**دەروازەی یەکەم: ئامانجەکانی وەزارەت و ئەرك و فرمانەکانی:**

**ماددە (١):-**

**یەکەم: وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن بنچینەو ئاراستەو سیاسەتەکانی پلان ڕێژی ئاوەدان کردنەوەی هەرێم بەئامانج دەگرێ لەبوارەکانی نیشتەجێ کردن و خانووبەرە هەروەها ڕێگاوبانیش لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان لەگەڵیشیاندا (ڕێگای هاتووچۆی خێرا) و پردو تونێل و فڕگەو هێلی ئاسنین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ و گەیاندن و کردنەوەو دروست کردنی ڕێگاوبانی نوێ و نۆژەن کردنەوەیان بەهەموو جۆرەکانی سەرەکی و لاوەکی و پاشکۆکانیەوە.**

**دووەم: وەزارەت هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەڕێگای:-**

**١- پێشنیارکردنی پلانە گشتیەکان بۆ سیاسەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن لەهەرێم بەگوێرەی سیاسەتی گشتی هەرێم و لەسنووری تواناو کەرەستەکانی بەردەست.**

**٢- هەڵسان بەتوێژینەوە گەلێکی تایبەت لەنێو چوارچێوەی کەرتی وەزارەت و لێکۆڵینەوە لەجەدوای تەکنیکی و ئابووری ئەو پرۆژانەی کە لەناو پلانەکانی وەزارەت پێشنیار دەکرێن لەسەر ئاستی (کورتخایەن و ناوەندی و دوور مەودا).**

**٣- دانانی نەخشەو پرۆگرامی کار بۆ پلانی ئەو پرۆژانەی کە پەسند دەکرێن لەسنووری پلانەکانی وەزارەت و ڕاپەڕاندنیان چ بەجێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ بێ یان دانیان بە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی تایبەتمەند.**

**٤- بەشداری کردن لە ئامادەکردن و بەرەو پێش بردنی خەسڵەتە (مواصفات) هونەریەکان و هەموارکردنیان بەگوێرەی پەرەسەندنە زانستی و تەکنیکیەکان و بەرچاوکردنی بارودۆخی ئاو وهەواو تۆپۆغرافی زەوی لەهەرێم.**

**٥- ڕاپەڕاندن و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان و ئامادەکردنی ئەو نەخشە سازیانەی کە پێی سپێردراون لەلایەن وەزارەتەکان و لایەنەکانی ترەوە و ڕاپەڕاندنیان لەڕێگای دەستەکانی نەخشەسازی دامەزراوەکانی وەزارەت یان بەهەرەوەزی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا.**

٦- هەڵسان بە بەڕێوەبردن و نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگا گشتی و لاوەکیانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارو شارۆچکەکان هەروەها نۆژەن کردنەوەی پردەکان و بەکارخستنی وێستگەکانی کێشی تەوەرەیی (قەپانەکان) و بازگەکانی پەڕینەوە (المعابر) و بەڕێوەبردنیان و پاراستنی قەدەغەکراوی ڕێگاوبانەکان بەپێی (یاسای قەدەغەکاری ڕێگاوبانەکان)ی بەرکار.

٧- هەڵسان بەتاوتێکردن و هەڵسەنگاندنی خەملاندنی پلانی وەبەرهێنەران کە تایبەتن بە ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن لەهەرێم لەسنووری تایبەتمەندیەکانی وەزارەتدا.

٨- بایەخدان بە پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان.

**دەروازەی دووەم:- پێکهاتەو بەشەکانی وەزارەت**

**مادده (٢):-**

حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە لەسەر فەرمانگەکانی ناوەندی وەزارەت و پێکهاتەکانی بەستراو بە وەزارەت پیادە دەکرێن کە بریتین لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان و ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**دەروازەی سێیەم:- پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەردن لە دیوانی وەزارەت:-**

**مادده (٣):-**

**وەزیر:** ئەو سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسی یەکەمە لەکارەکانیدا و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و بەناوی ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان دەردەچن لەهەر شتێك کە پەیوەندی هەبێ بە ئەرك و کارەکانی وەزارەت وە بۆی هەیە ئەوەی بەباشی دەزانی لە دەسەڵاتەکان بداتە بریکارانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر فەرمانبەرێك لەفەرمانبەرانی وەزارەت وە بەو پەیوەندیدار دەبن هەریەك لە :-

١- بریکاری وەزارەت بۆ ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێکردن.

٢- بریکاری وەزارەت بۆ ڕێگاوبانەکان.

٣- ڕاوێژکارەکان.

٤- نووسینگەی وەزیر.

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆکاروباری کارگێڕی و دارایی.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری هونەری.

٧- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری.

**مادده (٤):-**

**هەردوو بریکاری وەزارەت:** ڕاستەوخۆ بە وەزیر دەبەسترێنەوە وە بەرپرسیارن بەرامبەری لەجێبەجێ کردنی سیاسەتی وەزارەت و پلانەکانی و هەڵدەستن بەیاریدەدانی وەزیر بۆ ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی هەریەکەو لەسنووری دەسەڵات و تایبەتمەندی خۆی و بۆیان هەیە ئەو کێشانە یەکلایی بکەنەوە کە دەبنە مایەی باشی بەڕێوەچوونی کارەکان لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان دراوە لەلایەن وەزیرەوە ، ئەوانیش بۆیان هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانیان بدەنە بەرپرسانی یەکە کارگێڕیەکان لە وەزارەت.

**مادده ( ٥ ):-**

**یەکەم:** نووسینگەی وەزیر : فەرمانبەرێك بەناونیشانی (بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت) سەرپەرشتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بەدەست هێنابێ و شارەزایی و زانیاری تەواوی لەکارەکەی هەبێ و ژمارەیەك لەفەرمانبەران یاریدەی دەدەن و هەڵدەستێ بەرێکخستن و بەدواداچوون بۆ ئەو نووسراو و فەرمان و ڕێنماییانەی کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچن وە هەروەها پۆلین کردن و هەلگرتنی بەریدی تایبەت و نهێنی و دابین کردنی پەیوەندیەکان و ڕێکخستنی کاتی کۆبونەوەو چاوپێکەوتنەکان و سەرجەم ئەو کارانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەسپێردرێن سەرەرای ئامادەکردن و بەردەست کردنی ئەو نووسراو وراپۆرت و بەڵگەنامانەی کە وەزیر داوای دەکات.

**دووەم :** بەشی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن:-سەر بە نووسینگەی وەزیر دەبێ و هەڵدەستێ بە ناساندنی ئامانجەکانی وەزارەت و چالاکی و کارە تەواوکراوەکانی لە پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێکردن لەرێگای ئامرازو هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەرکردنی بلاوکراوەو چاپەمەنیەکان و ئامادەکردنی پێداویستی کۆڕ و کۆنگرەکان و میوانداری کردنی شاندەکان و خستنەڕووی سکالای هاوولاتیان بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان لە وەزارەت و بەدواداچوون بۆ وەلامدانەوەیان و بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندن کە بلاو دەکرێنەوە لەسەر چالاکیەکیەکانی وەزارەت و وەلامدانەوەیان پاش ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەت و ژمارەیەك فەرمانبەریش سەر بەو دەبن.

**مادده ( ٦ ):-**

نووسینگەی بریکاری وەزارەت :- فەرمانبەرێك بەناونیشانی (بەڕێوەبەر) سەرپەرشتی دەکات و بەرێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ یان دبلۆم لە بەرێوەبەردنی نووسینگە بێت و شارەزایی لەبواری کارەکەدا دەبێت وە چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن و هەلدەستێ بە رێکخستن و بەدواداچوونی ئەو نووسراوانەی کە بۆ بریکاری وەزارەت دێن یان لە لای ئەو دەردەچن ئەمە و سەرەرای ئیش و کارەکانی سکرتاریەت و ئەرك و فرمانانەی کە لەلایەن بریکارەوە پێی ڕادەسپێردرێت.

**مادده ( ٧ ):-**

ڕاوێژکاران :- ژمارەیان لە چوار تێپەرناکات و لە هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ دەبن وە خاوەنی شارەزایی و کارامەیی و کارکردن بن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە(١٠) دەساڵ

**مادده ( ٨ ):-**

بەرێوەبەرایەتی دڵنیایی ڕێك و پێکی جۆری :- ئەو بەرێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە بەدواداچوون بۆ هەموو بازنەکانی رێکخستن لە وەزارەت و پێکهاتەکانی بۆ لێکۆلینەوە لەو گیرو گرفتانەی کە لەبەر دەم پێشکەش کردنی باشترین خزمەت گوزاریەکان بۆ هاولاتیان دەوەستنەوە ، ئەویش بە ڕێگای دەست نیشان کردنی لەمپەرو بەلارێدا چوونەکان دەبێت لە ڕێگای پێشکەش کردنی چارەسەری بۆ نەهێشتنیان بە گرتنەبەری شێوازە نوێکانی کارکردن لە پرۆگرامی کاری دامەزراوەکانی وەزارەتدا بۆ بەرەو پێش بردنیان بەرەو باشتر و پیشاندانی وێنەیەکی ڕوون بۆ خاوەن بڕیاران لە وەزارەت سەبارەت بەوەی کە تا چ مەودایەك دام و دەزگاکان ئامانجەکانی خۆیان بەدەست هێناوە و دەستەبەری نایابی کارەکانیان کردووە ، فەرمانبەرێکیش بەرێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لە پسپۆڕییەکانی وەزارەت و خزمەتیشی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**مادده ( ٩ ):-**

 بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێری و دارایی:- بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنابێ لە بواری کارگێری و دارایی ، ڕێکخستن و سەرپەشتی کردنی کاروباری کارمەندان دەگرێتە ئەستۆ لە دیوانی وەزارەت و هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە کاروباری ڕاژەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە کارگێریە جۆراو جۆرەکان بۆ فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت کە ببێتە مایەی دەستە بەرکردنی باش بەڕێوەچوونی کار بەپێی یاسا و ڕینماییە کار پێکراوەکان هەروەها پلان دانان و سەرپەرشتی کردن بەسەر کاروباری دارایی و ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت لە ئامادەکردنی بوودجەی گشتی وەزارەت و خەرج کردن لەسەر دەروازەکانی و سەر بەودەبن .

**یەکەم :-** بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی:- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کارمەندان لە دیوانی وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ و حوکمەکانی یاساکان جێبەجێ دەکات کە تایبەتن بە ڕاژەو میلاك و بەرزەفت کردن و ئەو ڕێنماییانەی کە بەپێی ئەو یاسایانە دەرچوێندراون لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی ، هەروەها هەڵدەستێ بەئامادەکردنی میلاکاتی ناوەندی وەزارەت و یەکیان دەخات لەگەڵ میلاکاتی فەرمانگەو دام و دەزگاکانی وەزارەت کە سەر بەون و دەستنیشان کردنی زیادە پێویستی (الفائض و العجز) و دیاری کردنی پێویستی ڕاستەقینە لە هێزی کار هەروەها هەڵدەستێ بە تەواوکردنی ئەو مامەڵانەی کە لەبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاو بان و ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لە پارێزگاکانی هەرێم و یەکە کارگێریە سەربەخۆکان و ئەو فەرمانگانەی کە نەبەستراونەتەوە بە وەزارەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و وەڵامدانەوەیان و هەڵدەستێ بەوێناکردنی سیستەم و پلانێکی سەرکەوتووانە بۆ بەڕێوەبردنی توانا مرۆییەکان لە ڕێگای هێنان و کارپێکردنی شێوازەکانی کارکردنی تازە بابەت بۆ ناو پرۆگرامەکانی کاری وەزارەت و فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات کە پلەکەی لە (بەڕێوەبەر) کەمتر نەبێ و هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێ لە یاسا یان کارگێری گشتی و ئەو بەشانەی خوارەوە سەر بەو دەبن:-

أ- هۆبەی خۆیەتی و کەسان.

ب- هۆبەی میلاکات.

ج- هۆبەی خزمەتگوزاریەکانی کارگێری .

د- هۆبەی ئەرشیف (دەرکردەو هاوردەو دۆسیەکان).

ه- هۆبەی کۆگا.

و- هۆبەی ئامار.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی: ئامادەکردنی خەملاندنی بوودجەی ساڵانەی دیوانی وەزارەت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی دەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان (مستندات)ی خەرج کردن و وەرگرتن کە تایبەتن بە دیوانی وەزارەت و هەڵسان بە ووردبینی پێشوەختە بۆ کردارەکانی خەرج کردن بۆ هەموو مامەڵە

ژمێریاری و داراییەکان و گرتنی تۆمارەکانی پێویست و جێ بەجێ کردنی یاسای ژمێریاری و ئەو ڕێنمایانەی کە لەژێدەرە بالآکان (المراجع العليا) و وەزارەتی دارایی هاتوون کە تایبەتن بە بابەتە دارایی و ژمێریاریەکان وە فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە ناونیشانەکەی کەمتر نەبێ لە (بەڕێوەبەری ژمێریاری) و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی بێ لەبواری دارایی و ژمێریاری و بەو بەڕێوەبەرایەتیەوە دەلکێندرێت هەریەکە لە:-

أ- هۆبەی ژمێریاری بوودجە.

ب- هۆبەی ژمێریاری پلان.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی ناوخۆیی:- ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سەرپەرشتی پلان و بەرنامەکانی کاری ووردبینی و چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنیان دەگرێتە ئەستۆ و سەرپەرشتی پیادەکردنی ڕێنماییە دارایی و ژمێریارەکان دەکات و لەڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دەکۆڵێتەوەو پێشنیاری چارەسەریەکان دەکات بۆ سەرپێچی و لارێ بوونەکان (الانحرافات) و هەڵسەنگاندنی باری دارایی هەروەها چاودێری و سەرپەرشتی کردن بۆ ووردبینی تۆمارو قەوالەو لیست و پشتیوانیە داراییەکان و هاتووچون کردنیان (مطابقة) لەگەڵ یاساو پەیڕەوە دارایی و ژمێریاریە کارپێکراوەکان و کۆمەڵێ فەرمانبەر سەر بەو دەبن و فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی زانکۆی هەبێ لەبواری پسپۆڕیەکەی.

**چوارەم:-** بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی:- ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی ڕاوێژو شیرەت لەهەموو کێشەو بابەتەکان کە ڕووبەڕووی دەکرێنەوە و نوێنەرایەتی وەزارەت دەکا لەبەردەم دادگاو ئەنجوومەن و دەستەکانی لێکۆلینەوە لەو کێشانەی کە وەزارەت لایەنێکە تیایانداو تێڕوانین بۆ مامەڵەکانی پێدانی ماوەی زێدەکی بەڵێندەران و کاروباری قەرەبووکردنەوەی هاولآتیان بەهۆکاری جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەلایەن دامەزراوەکانی وەزارەت و ڕای خۆی دەدات لەسەر پێوانەی کۆتایی پرۆژەکان و پاکتاوکردنی ژمێرەی کۆتایی و بەشداری کردن لەلێژنەکانی کردنەوەو شیکردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی وەزارەت ، فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە پلەکەی لە (بەڕێوەبەر) کەمتر نەبێ و بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی لە (یاسا) هەبێ و ژمارەیەك لەفەرمانبەری یاسایی یاریدەی دەدەن.

**مادده (١٠):-**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری هونەری:- پلان دانان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و باش بەجێ هێنان بۆ هەموو مەسەلە تەکنیکیەکان لەکارو پرۆژەکان دەگرێتە ئەستۆ کە لەلایەن دام ودەزگاکانی وەزارەت جێبەجێ دەکرێن لەپارێزگاکانی هەرێم کە تایبەتمەندن بەڕێگاویان و پردو تونێل و یەکەنیشتەجێ کانی هاوولآتیانی خاوەن داهاتوو دەرامەتی سنوردار هەروەها باڵەخانە گشتیەکان و بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی دەرخستەو نەخشەکاری پێویست بۆ پرۆژەکان پاشان خستنە ئەستۆ و گرێبەست کردن دوای وەرگیرانی ڕەزامەندی پێویست لەسەریان ، هەروەها هەڵدەستێ بەلێکۆلینەوەو توێژینەوەی تایبەت لەمیانەی بواری کەرتی وەزارەت و لێکۆلینەوە سەبارەت بەبایەخ (جدوی)ی تەکنیکی و ئابووری بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار دەکرێن لەمیانەی پلانی وەزارەت وە ئەو بەڕێوەبەرایەتی و بەشانەی خوارەوە سەر بەو دەبن:-

**یەکەم:-** بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان :- فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە بەپلەی بەڕێوەبەر بێ و بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بە دەست هێنابێ لە ئەندازەی شارستانی و ژمارەیەك ئەندازیارو فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن و هەڵدەستێ بەکۆکردنەوەو دانانی پێشنیار و دیراسەو ڕوونکەرەوە ( البیانات )ی پێویست بۆ ئامادەکردنی پلانەکانی کورت خایەن و مام ناوەندی و درێژخایەن بۆ پڕۆژەکانی وەزارەت وفەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت و گەنگەشەکردنیان و پێشنیارکردنی ئەوەی کە بەگونجاوی دەزانێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانایانەی کە لەبەر دەستن و پۆلێنکردنی یەکەمایەتیەکانیان ( أولویاتها ) بەپێی پێویستی و گرنگی و بایەخی ئابووری ( الجدوی الاقتصادیة ) بۆ پڕۆژەکانی بوودجەی ئاسایی و پلانی وەبەرهێناندا.

**دووەم :-** بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون :- فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە پلەی (بەڕێوەبەر) بێت و بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بە دەست هێنابێ لە ئەندازەی شارستانی و هەڵدەستێ بە بەدواداچوون و ڕێزبەندکردنی زانیاریەکان دەربارەی ڕێژەی تەواوکردنی پڕۆژەکان و لێکۆڵینەوەو بەدیارخستنی ئەو بەربەستانەی کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەو پێش چوونی کاری پڕۆژەکان و پێشکەش کردنی چارەسەر بۆ نەهێشتنیان و بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەگەن و وەڵامدانەوەیان هەروەها هەڵدەستێ بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت سەبارەت بە کارەکانی بۆ وەزیر لەڕێگای بەڕێوەبەری گشتی و هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەو یەکخستنی زانیاری لەسەر ڕێژەی تەواوکراوی پڕۆژەکان کە مانگانە لەبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان و ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن دەگەن و پاشان بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**سێیەم:-** بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و پردەکان :- ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە دیراسەو یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی تایبەت بەکێشەو گیروگرفتی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و پردەکان کە دەگەنە وەزارەت لەبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان و فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە پلەکەی لە (بەڕێوەبەر) کەمتر نەبێ و هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێ لەئەندازەی شارستانی و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەر هەڵدەستن بەهاوکاری کردنی و ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە :-

١- ووردبینی کردنی دەرختەکان و هەڵسەنگاندنیان.

٢- ووردبینی کردنی فەرمانەکانی گۆڕانکاری و یەکلایی کردنەوەیان.

٣- ووردبینی کردنی خشتەکانی پێوانەی کۆتایی و وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەریان.

٤- بەگەڕ خستنی پرۆژەی ماستەر پلانی ڕێگاوبان لەهەرێم.

٥- دیراسە و وەڵامدانەوەی ئەو داواکاریانەی تایبەتن بەماوەکانی زێدەکی کە لەبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان لەپارێزگاکان دەگەن.

٦- سەردانی کردنی پرۆژەکان لەکاتی داواکردنی بۆ چارەسەری کێشەکان پاش دیراسەکردنیان.

٧- لێکۆلینەوە لەنەخشەی بنیات نانی ڕێگاوبانەکان کە لەبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان دەگەن و پەسندکردنیان یان هەموارکردنیان.

**چوارەم :-** بەرێوەبەرایەتی بیناسازی و نیشتەجێ کردن: فەرمانبەرێك بەپلەی (بەڕێوەبەر) سەرۆکایەتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لەئەندازەی شارستانی کە ماوەی کارکردنی لە دەساڵ کەمتر نەبێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن کە خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی بن لەبواری پسپۆڕیەکە داوهەڵدەستێ بەسەرپەرشتی وپەسندکردنی نەخشە سازیەکانی (تصامیم) بۆ پڕۆژەکانی یەکەکانی نیشتەجێ کردن کە بۆ هاوولاَتیانی خاوەن داهاتی سنووردار دروست دەکرێن ، هەروەها بۆ ئەو باڵەخانە میریانەی کەدروست کردنیان بە وەزارەت دەسپێردرێ و ووردبینی دەرخستەو پێوانەکانی کۆتایی بۆ بیناکان و هەڵدەستێ بە:-

١- ووردبینی کردنی دەرخستە کانی تایبەت بە بیناو باڵەخانەکان و هەڵسەنگاندنیان.

٢- ووردبینی کردنی فەرمانەکانی گۆڕانکاری و یەکلایی کردنەوەیان.

٣- ووردبینی کردنی خشتەکانی پێوانەی کۆتایی و وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەریان.

٤- دیراسەکردن و وەڵامدانەوە بۆ ئەو داواکاریانەی کە تایبەتن بەماوە زێدەکیەکان کە لەبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان و ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردنی پارێزگاکان دەگەن.

٥- سەردانی کردنی پڕۆژەکانی بیناسازی کاتی داوا لێکردنیان بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکان پاش دیراسەکردنیان.

٦- دیراسەکردنی نەخشەسازیەکانی تایبەت بە بیناسازی کە لەبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان دەگەن و پەسندکردن یان هەموارکردنیان.

**پێنجەم :-** بەشی سیستەمەکانی زانیاری و ئامار (IT) :- ئەو بەشە هەڵدەستێ بەدانانی بناغەی زانیاریەکان (داتابیس) کە تایبەتمەندبێ بە وەزارەت لەرێگای کۆکردنەوەی زانیاری لەهەموو پێکهاتەکانی سەر بە وەزارەت بۆ مەبەستی داکردنیان (خزنها) و نوێ کردنەوەی ئەو زانیاریانە بە بەردەوامی و بەکار خستنی ئەو پڕۆگرامانە بەپێی پلان و بەرنامە ئەندازەییەکان کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراون و دروست کردنی بنچینە زانیاریەکانی تایبەت بە پڕۆژەکان و سەرچاوە مرۆییەکان لە وەزارەت و ئەو بەشە لەلایەن ئەندازیارێك بەرێوە دەبردرێت کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێ لەئەندازەی کۆمپیوتەر یان کارەبا لەگەڵ شارەزایی لەبواری کارەکە لە دەساڵ کەمتر نەبێ و ژمارەیەك فەرمانبەری خاوەن شارەزایی لەم بوارە یاریدەی دەدەن.

**شەشەم:-** بەشی تاقیگەکان :- ئەو بەشە هەڵدەستێ بە بەدواداچوون بۆ ئیش و کاری تاقیگەکانی سەر بە وەزارەت کە تا چەند هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکانیان بەشێوەیەکی زانستی هەروەها هەڵدەستێ بە وەڵامدانەوەی ئەو نووسراوانەی کە لەفەرمانگەکانی تاقیگەکان دەگەنە وەزارەت ، فەرمانبەرێکیش بەرێوەی دەبات کە بەپلەی (بەرێوەبەر) بێ و هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێ لە ئەندازەی شارستانی و خاوەنی شارەزایی بێ لەبواری ئیش و کاری تاقیگەکانی بیناسازی.

**حەوتەم:-** بەشی ئەلیکترۆمیکانیك : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێ لە زانستەکانی ئەندازەی میکانیکی یان کارەبایی و یەکێ بێ لە خاوەنانی شارەزایی و پسپۆری لەبواری کارەکەی و ژمارەیك لەفەرمانبەران هاوکاری دەبن و ئەم بەشە کاروباری کارگەو ئامێرەکان ئەو کۆگایانەی کە سەر بە فەرمانگەکانی وەزارەتن دەگرێتە ئەستۆ لە گرتنی تۆمارەکان بەمەبەستی جێگیرکردنی بارودۆخی هەر ئامێرێك , هەروەها هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلان گەلێك بۆ بە دواداچوونی نۆژەنکاری و بەردەوامی دانی (ادامة) مەکینەو کارگەکان و چاککردنەوەی ئەو گرفتانەی کەتووشی ئەو کارگەو ئامێرانە دێن هەروەها هەڵدەستێ بەسەرپەرشتی و ووردبینی کردنی سیستەمەکانی ساردکرنەوەو سازاندن (التبريد و التكييف) بۆ دامەزرێندراوەکارەبایی و میکانیکیەکان لەو باڵەخانە گشتیانەی کە دامەزراوەکانی وەزارەت سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنیان دەکەن.

**هەشتەم:-** بەشی گرێبەستەکان: هەڵدەستێ بەسەر پەرشتی کردنی ئەنجامدانی گرێبەستە ئەندازەییەکان ( العقود الهندسية ) بۆ ڕاپەڕاندنی پڕۆژەکان کە بریتیە لەگرێدانی ڕیکەوتنێکی تەکنیکی لەگەڵ بەڵێندەرەکان ، بۆ ئەوەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە ئەنجام بدرێت بەپێی ئەو رێو شوێنە ئەندازەییانەی کە روونکراونەتەوە لەوێنەو نەخشە دیاریکراوەکاندا کە لەگەڵ خشتەکانی چەندێتی و نرخەکان ( جداول الكميات والأسعار )ی پڕۆژەکەن ئەویش بەپشت بەستن بەچەندین ئامراز لەسەروشیانەوە تێچووی پێویست بۆ گرێبەستەکەو شارەزایی بەڵێندەرو پێشکەش کردنی بەڵگەنامە بەو کارە هاوشێوانەی کە بەسەر کەوتویی لەلایەن بەڵێندەرەکە ئەنجام دراون.

**ماددە ( ١١ ):-**

**ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت:**

**یەکەم:-** وەزارەت ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری هەیە کە پێك دێت لە :-

١- وەزیر سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیە.

٢- هەردوو بریکاری وەزارەت ئەندامن لە ئەنجوومەنەکەدا.

٣- ڕاوێژکاران لە وەزارەت ئەندامن لە ئەنجوومەنەکەدا.

٤- بەرێوەبەرە گشتیەکان ئەندامن لە ئەنجوومەنەکەدا.

٥- هەر شارەزایەکی خاوەن پسپۆڕی ئەندامە لە ئەنجوومەنەکە کە وەزیر دەست نیشانی دەکات لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەت.

**دووەم :-** ئەنجوومەنەکە دیراسەی ئەو پرسانە دەگرێتە ئەستۆ کە ئاراستەی کۆبونەوەی ڕاوێژکاری کراوە لەنێوانی دوو دانیشتنیداو ئەندامان ڕای خۆیان و ڕاسپاردەکانیان دەخەنە ڕوو لەبارەیاندا و پاش بەدەستهێنانی پەسندکردنی وەزیر سیفەتی بڕیاری وەزاری وەردەگرێت.

**دەروازەی چوارەم :- پێکهاتەکانی وەزارەت لە دەرەوەی سەنتەری وەزارەت:**

**مادده ( ١٢ ):-**

بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبان و ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن لەپارێزگاکانی هەرێم :- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت و بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بەدەست هێنابێ لەئەندازەی شارستانی و خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی بێ و سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و بیناسازی لەپارێزگا پەیوەندارەکە دەکات و هەریەك لەمانەی خوارەوەش بەو دەبەسترێنەوە:-

١- بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و پردەکان لەپارێزگاکانی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە لەپارێزگاکانی هەرێم.

٣- بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبان و پردەکان لەپارێزگاکانی هەرێم.

٤- بەڕێوەبەرایەتی وێستگەکانی کێشانی تەوەرەیی لەپارێزگاکانی هەرێم.

**مادده ( ١٣ ):-**

سەنتەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی هاتوو لە ماددەی (١٢)ی سەرەوە پێکدێن لەم پێکهاتانەی خوارەوە :-

١- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆکاروباری ڕێگاوبان و پردەکان.

٢- یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆکاروباری ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێکردن.

٣- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی.

٤- بەشی زانیاریەکانی پڕۆژەکان.

٥- بەشی یاسایی.

٦- بەشی ووردبینی کردنی ناوخۆیی.

**مادده ( ١٤ ):-**

بەڕێوەبەرایەتیەکانی تاقیگەی بیناسازی لەپارێزگاکان:- بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری هونەری لەدیوانی وەزارەت دەبەسترێتەوە ، فەرمانبەرێك بەپلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بەدەست هێنابێ لە ئەندازەی شارستانی و خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی بێت و سەرپەرشتی ئیش و کاری فەرمانگەکە دەکات لەڕووی کردارەکانی پشکنین بۆ کەرەستەکانی بیناسازی کە لەجێبەجێ کردنی پڕۆژەکان بەکار دەهێندرێن لەهەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێن:-

١- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی لەپارێزگای هەولێر.

٢- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی لەپارێزگای سلێمانی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی لە پاریزگای دهۆك.

٤- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی لە گەرمیان.

٥- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی لە کۆیە.

**مادده ( ١٥ ):-**

**یەکەم :** هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و پردەکان لە هەر یەکە لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان بەدیوانی وەزارەت دەبەسترێتەوە.

**دووەم:** هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لە پارێزگای (هەڵەبجە) و ئیدارەی (گەرمیان) بەدیوانی وەزارەت دەبەسترێتەوە .

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە نیشتەجێ کردن لەخانەقین بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاو بان و پردەکان و ئاودان کردنەوە و نیشتەجێ کردنی سلێمانی دەبەسترێتەوە

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاو بان و پردەکان لە ئیدارەی (ڕاپەرین) بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاو بان و ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردنی سلێمانی دەبەسترێتەوە.

**پێنجەم:** بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاو بان و پردەکان لە ( ئاکرێ) بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاو بان و پردەکان و ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردنی دهۆك دەبەسترێتەوە.

**دەروازەی پێنجەم:** حوکمە گشتیەکان

**مادده ( ١٦ ):-**

وەزیر بۆی هەیە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان لە ناو پێکهاتەکان وەزارەت بکاتەوە یان یەکیان بخات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە بە گوێرەی داخوازیەکانی کاری ئەو شوێنانەو لەکاتی پێویست دا.

**مادده ( ١٧ ):-**

لەو شتانەی دژنین لەگەڵ ئەوەی کە لەو پەیڕەوە دا هاتوون کارکردن بەردەوام دەبێت بەو دەسەڵات و تایبەتمەندی و ئەرك و ڕێنماییانەی کە بڕیاریان پێ وەرگیراو تا ئەو کاتەی چاو خشاندنەوەیان تیادا دەکرێت .

**مادده ( ١٨ ):-**

ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**دەرباز عبدالله رسول**
**وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**